# فۆنیمی (نگ)
# له شێوەزاری سلێمانیدا

پ. ی. د. بەکر عومەر عەلی/ کۆلیژی زمان/ زانکۆی سلێمانی

نوسەران‌و پسپۆڕانی زمان، هەر لەسەرەتاوە بایەخێکی تایبەتییان بە فۆنیمەکانی زمانی کوردی‌و رێنوسی کوردی داوەو چەندان کتێب‌و وتارو لێکۆڵینەوەی زانستی‌و نامەی ئەکادیمیان لەم بارەیەوە نوسیوە، بەواتایەکی تر ئاستی فۆنۆلۆژی‌و رێنوسی کوردی بێبەش نەبون لە قەڵەمی بەهیمەتی نوسەران‌و شارەزایانی زمان.

لەگەڵ هەمو ئەو هەوڵانەشدا، هێشتا هەندێ لایەنی بەکێشەداری ماوتەوە، بۆ نمونە هەندێك (هەمزەو، ع) بەفۆنیم دائەنێن‌و هەندێکی تریش لەو بڕوایەدان کە هێشتا ئەم دەنگانە لە کوردیدا پلەی فۆنیمیان وەرنەگرتووە.

سەبارەت بەدەنگی (نگ)ش، بیرو ڕای جیاوازو جۆراوجۆر لە ئارادایە.

## سنوری باس:

ئاستەکانی زمان، لەگەڵ هەمو تایبەتمەندییەکیاندا، لەیەکتر دانابڕێن‌و لەگەڵ یەکدا تێکەڵ دەبن‌و پەیوەندییان بەتینە، لەم تێڕوانینەوە، ئەگەرچی سنوری ئەم باسە فۆنۆلۆژییەو تایبەتە بەشێوەزاری سلێمانی، بەڵام سود لە ئاستەکانی تری زمانیش (مۆرفۆلۆژی‌و سینتاکس) وەرگیراوە.

## رێبازی لێکۆڵینەوەکە:

لەم باسەدا ڕێبازی وەسفی شیکاری گیراوەتەبەر، بەواتای ئەوەی نمونەکانمان لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی ئێستاوە هەڵهێنجاوەو لە ڕێی شیکردنەوەوە گەیشتوینەتە ئەنجامەکان.

## گرنگی باسەکە:

گرنگی ئەم باسە لەوەدایە کە:

١. هەوڵێکە بۆ ساغکردنەوەی یەکێك لە فۆنیمەکانی زمانی کوردی.

٢. هەوڵێکیشە بۆ چارەسەرکردنی یەکێك لە کێشەکانی ڕێنوسی کوردی.

## کێشە ڕێزمانییەکان:

جێی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بەوە بدەین کە هەندێ لە کێشەکانی ڕێنوسی کوردی سادەن و بەگۆڕینی ڕێنوسەکە چارەسەرئەکرێن بۆ نمونە کێشەی چۆنیەتی نوسینی وشەی لێکدراو، هەر بەگۆڕینی ڕێنوسەکە لە ئەلفبای عەرەبییەوە بۆ ئەلفبای لاتینی، سروشتی پیتەکان (وێنەکان) بەو جۆرەیە کە ئەم کێشەیە نامێنێ.

- یاری دەکات ⟵ یاریدەکات ⟵ yarîdekat

لێرەدا دەبێ ئەوە بەبیر خۆمان بهێنینەوە کە ((بەرلەوەی دەست بدرێتە دانانی ڕێنوسێکی ڕێك و پێك و لەبار، پێویست بە لێکۆڵینەوەی قووڵی فۆنەتیکە، بەتایبەتی لە دیاریکردنی تێکڕای فۆنیمەکانداو ئنجا دانانی نیگار بۆ هەر یەکێك لەو فۆنیمانە))[١].

یەکێك لە کێشە هەرە گرنگەکان کە لە ڕێنوسدا چارەسەر ناکرێ کێشەی ئەو دەنگانەیە، کە تا ئێستا بیروڕای جیاوازمان لەسەریان هەیەو نەگەیشتوینەتە ڕێکەوتنێك دەربارەیان و، تا ئێستا بەلایەنێکی کێشەداری ئاستی دەنگسازی و ڕێزمان و ڕێنوسی کوردی دادەنرێن، لەم کارەدا لە کێشەداری یەکێك لەو دەنگانە دەکۆڵینەوە، بەو ئومێدەی کێشەکە بەرەو چارەسەر بەرین.

## دەنگی (نگ):

ئەم دەنگە (فۆنیم) یەکێکە لەو دەنگانەی بیروڕای جیاوازی لەسەر هەیەو کێشەکەی تا ئێستاش نەبڕاوەتەوە:

١- غازی، دەڵێ ((هەروەها دەنگی [نگ] لە زمانی کوردیدا بە فۆنیم لە قەڵەم نادرێ بەڵکو ئەلۆفۆنی فۆنی (ن) ەو لەهەندێ شوێندا بەدی ئەکرێ، بەتایبەتی ئەگەر [ن] دوای [گ] هات، بۆ نموونە لە ووشەی ((لەنگ)) و ((مەنگ)) و (تەنگ)) دا بەدی ئەکرێ))[٢].

---

1 ئەوڕەحمانی حاجی مارف، گۆڤاری کۆڕ، ژ (٩)، ١٦.

2 غازی فاتح وەیس، فۆنەتیك، ٦١.

٢- (محمد معروف) یش ڕای وایە کە ڕێنوسی کوردی ڕێگایەکی ڕاستی گرتووە کە ئەم دەنگەیان بە فۆنیم دانەناوەو بە (ن) و (گ) ئەیاننوسن کە دو فۆنیمی جیاوازن: ((ئەم دەنگە فۆنیم نیە، بریتییە لە دوو دەنگ (ن) و (گ) یان (ن) و (د) کە بەدوای یەکتریدا دێن،....))[3].

٣- نوری عەلی ئەمینیش هەمان ئەو بۆچونەی هەیە کە: ((پیتی (نگ) پیتێکی نەبزوێن و لێکدراوە، واتە لەدوو دەنگ، دەنگی (ن) و دەنگی (گ) پێك هاتووە، دەنگە لێکدراوەکە کە لە گۆکردندا تێکەڵ بەیەك دەبن،....))[4].

٤- ئەوڕەحمانی حاجی مارفیش، لەژێر ناونیشانی شێواندن و گۆڕینی دەنگدا، دەڵێ: ((زۆرجار کە (د) دەکەوێتە دوای (ن)، وەك (گ) دەردەبڕێت (ئەمەش بەتایبەتی خاسیەتی شێوەی سلێمانی یە)، وەك: توند- تونگ، مەند- مەنگ، دەربەند- دەربەنگ...))[5].

٥- شاکر فەتاحیش، لەژێر ناونیشانی دوو دەنگەکان (دیفتۆنگەکان): (وێ) و (نگ): ئەوڕایەی دەربڕیوە کە: ((دوو دەنگەی (نگ) وەك: (بەنگ، تەنگ، گەنگ)، ئەمیش پێویست ناکات بە پیتێکی تایبەتی سەربەخۆی دابنێین، چونکە خۆی لەدوو پیت دوروست بووە: (ن) و (گ).))[6].

٦- (عمر عبدالرحیم) یش، وێنە دانان بۆ (نگ) لە وشەکانی تفەنگ و سنگ و درەنگ و... بەڕاست نازانێ ئەم ڕای وایە کە ئەو (ن) نونە لەهەندێ شوێن بە قەڵەوی دەری دەبڕن))[7].

٧- مەسعود محەمەدیش، لەکورتەی پێشنیارەکانیدا وای داناوە کە: ((دیفتونگی (وێ، نگ، ند) هیچیان ڕاستە دیفتونگی نەژادی نین...))[8].

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە بیروڕای تایبەتی خۆشمان بخەینەڕو، بە سەرنجدان و وردبونەوە لە نمونەکان، کە هەمویان هەڵقوڵاوی ئاخاوتنی ڕۆژانەی ئێستای ناوچەی سلێمانییە.

---

[3] محمد معروف فتاح، گۆڤاری کۆڕ، ژ (٩)، ٢٥٠.

[4] نوری عەلی ئەمین، گۆڤاری کۆڕ، ژ (٩)، ٣٧٤.

[5] ئەوڕەحمانی حاجی مارف، گۆڤاری کۆڕ، ژ (٩)، ٥٣.

[6] شاکر فەتاح، گۆڤاری کۆڕ، ژ (٩)، ١٢٠-١٢١.

[7] عمر عبدالرحیم، گۆڤاری کۆڕ، ژ (٩)، ١٨٥.

[8] مەسعود محمد، گۆڤاری کۆڕ، ژ (٩)، ٣٥٥.

نمونەکان ئەوە دەسەلمێنن کە ئەم دەنگە (نگ) یەك دەنگەو فۆنیمێکی زمانی کوردی شێوەزاری سلێمانییە، دەبێ وێنەیەکی بۆ دابنرێ، با سەرنجێ لەم نمونانە بدەین:

١- یاسایەکی فۆنۆلۆژی کوردی ئەوەیە کە کاتێك کەرەسەیەك، مۆرفێمێك یان فۆنیمێك بۆ وشەیەك یان بڕگەیەك زیاد ئەکەین، دوا دەنگی ئەو بڕگەیە یان وشەیە ئەپەڕێتەوە بۆلای دەنگە زیادکراوەکەو بڕگەیەکی زیادە پێك دەهێنن،[9] بۆ نمونە:

دار ←—— یەك بڕگەیە

بە زیادکردنی فۆنیمی (ا) وشەکە ئەبێت بە ←—— دارا

واتە (ر) پەڕییەوەو لەگەڵ (ا) بڕگەیەکی نوێی دروستکرد. بەپێی ئەو یاسا فۆنۆلۆژییە، ئەبێ لەکاتی زیادکردنی هەر دەنگێکدا بۆ هەر بڕگەیەك کە دەنگی (نگ) ی تیابێ، دەبێ (گ) بپەڕێتەوە، وەك هەندێ لە زمانەوانەکان بۆی چون،[10] کەچی ئاخاوتنەکانمان بەڵگەی ئەوەن کە دەنگی (نگ) کەرت نابێ و هەموی ئەپەڕێتەوە:

هەنگ + ێك ←—— هەنگێك ←—— heŋêk

هەنگ ←—— هەنگگێك* یان هەن گێك*

هەنگ + ەکە ←—— هەنگەکە ←—— heŋeke

لێرەدا بگەینە ئەو ئاکامەی کە ئەم جۆرە وشانە یان بڕگانە لە سێ دەنگ پێکهاتون (CVC) یان لە چوار دەنگ (CVCC).

٢- ئەو بڕگانەی کە لە چوار فۆنیم پێکدێن، وەك:

رەنج، دەست، هەشت، کورد،...

ئەوەی شایانی باسە، هەرکاتێ مۆرفیمێکیان بۆ زیاد دەکەین، دوا دەنگ لەم بڕگانە دەپەڕێتەوە بۆلای ئەو مۆرفێمەو بڕگەی نوێ بۆ خۆی دروستدەکات:

رەنج + ە ←—— رەن + جە

دەست + م ←—— دەس + تم

هەشت + ا ←—— هەش + تا

کورد + ی ←—— کور + دی

با سەیرێکی ئەو نمونانە بکەین:

دەنگدانەوە ←—— دەنگ- دا- نە- وە

---

[9] محمد معروف، گۆڤاری کۆڕ، ژ (٩)، ٢٥٠.

[10] هەمان سەرچاوەی پێشو.

ئەگەر وشەی (دەنگ) CVCC بوایە واتە چوار دەنگ بوایە، ئەبوایە دەنگی (گ) بپەڕایەتەوە، بەڵام ئەوەی رون و دیارە ئەوەیە کە دەنگی (گ) لەگەڵ بڕگەکەی خۆیدا مایەوە کەواتە ئەبێ سیانی بێ CVC.

دیسانەوە:

دەنگمان ⟵ دەنگ- مان

⟵ دەن- گمان*

⟵ دەنگ- گمان*

زەنگیانە ⟵ زەنگ- گیا- نە* ⟵ زەنگ[1] یا[2]نە[3]

ئەگەر وشەکە چوار دەنگ بوایە (CVCC) ئەوا بڕگەی دووەم وەك لە نمونەکاندا دیارە (گمان) دەبو، کەچی کورد بەوجۆرە نادوێ و وامان پێ ناڵێ، بەڵکو ئاخاوتنەکان پێمان دەڵێن کە بڕگەی دووەم (مان) دەبێ و ئەمەش رون و ئاشکرایە.

٣- بۆچونێکی تر ئەوەیە کە دەنگی (نگ- ŋ) بە ئەلەفۆنی (ند) دادەنێن:

هۆشمەند ⟵ هۆشمەنگ

دەوڵەمەند ⟵ دەوڵەمەنگ

نمونەکانی زمانی کوردی و ئاخاوتنی کوردی زۆریان ئەوە دەسەلمێنن کە وشەمان زۆرە، خۆیان بە دەنگی (نگ- ŋ) کۆتاییان دێ و پەیوەندییان بە (ند) نییە:

هەنگ ⟵ لە (هەند) ەوە نەهاتووە

شەنگ ⟵ لە (شەند) ەوە نەهاتووە

هەروەها وشەکانی (زەنگ، لەنگ، جەنگ،....).

٤- وشەمان زۆرە کە تیایدا دەنگی (ن) ئەکەوێتە پێش دەنگی (گ) و ناشبن بە (نگ- ŋ) با لەم نمونانە وردبینەوە:

نگین ⟵ nigîn وشەکە دو بڕگەیەو تیایدا دیارە کە (ن) لەگەڵ (گ) دو دەنگی جیاوازن و هەردوکیان فۆنیمن لەکوردیداو جیاوازن لە دەنگی (نگ).

بنگرد ⟵ بن گرد ⟵ bingrid bin grid

مەلەوانگە ⟵ melewange ⟵ me le wan ge

٥- ئەگەر لە وشەیەکی وەك (بانق) ⟵ bank وردبینەوە، هەمو قسەکەرێکی کورد بەم شێوەیە دەریدەبڕێ:

بانگق ⟵ baŋq وشەکە بەم شێوەیە یەك بڕگە دەبێ و لەچوار

دەنگ پێکدێ و جۆری بڕگەکەی بریتی دەبێ لە: cvcc بەڵام ئەگەر (نگ) لێرەدا بەدو دەنگ دابنرێن بڕگەکە دەبێ بە: cvccc* کە ئاشکرایە بڕگەی لەو جۆرەمان لەکوردیدا نییە.

٦- ئەگەر لەهەندێ لە ژمارەکانیش سەرنج بدەین، تێبینی دو دەربڕین ئەکەین:

١) یازدە یان یانگزە

٢) دوازدە یان دوانگزە

٣) پازدە یان پانگزە

٤) شازدە یان شانگزە

بە بڕوای ئێمە هەردو دەربڕینەکە دروستە، بەڵام ئەوەی دروست نییە ئەوەیە:

شانگ- گزە*

یانگ- گزە*

بڕگەکردنی ئەو ژمارانە بەم جۆرە دەبێ:

شانگ- زە - شاز- دە

یانگ- زە - یاز- دە

ئەم نمونانە پێچەوانەی ئەو بۆچونەن کە گوایە (نگ) دو دەنگەو لەکاتی زیادکردنی هەر مۆرفیمێك بۆ ئەو وشانەی کە (نگ) یان تیایە، (گ) یەکە دەپەڕێتەوە، کەواتە ژمارەکان ئەوە دەسەلمێنن کە (گ) نەپەڕییەوە.

ئاشکرایە کە لەکوردیدا لەتە دەنگ نییە، تا بپەڕێتەوە، بەو جۆرە نمونەیەکی وەك:

دەنگمان ←——— دەنگ- گ- مان*

*deng gi man

بە ڕونی هەڵەکەی دیارەو ئەم وشەیە دو بڕگەیە نەك سێ.

هەروەها ئەم شێوەیەی لای خوارەوەش پەسەند نییەو هیچ قسەکەرێکی کورد بەم جۆرە نادوێ: دەنگمان ←——— دەنگ- گ- مان*

*den gi man

ئەم وشەیە شێوە دروستەکەی بەم جۆرەیەو وشەکە لە دو بڕگە پێکهاتووە:

دەنگمان ←——— دەنگ- مان.

٧- دیسانەوە هەر سەبارەت بەوەی کە لەتە دەنگمان نییە تا بپەڕێتەوە کە لەم دەربڕینەی خوارەوە ورد ئەبینەوە دەبینین:

لە فەرهەنگی ←——— لە- فەر- هە- نگی*

*le fer he ngî

ئەگەر سەرنجی دوا بڕگە (نگی) بدەین، هەڵەو نادروستیەکەی رون و ئاشکرایە، چونکە لەکوردیدا و لەسەرەتاوە دو کۆنسنانت نایەن کەواتە (ن و گ) نابێ ببنە سەرەتا بۆ بڕگەکە، بەو پێیە ئەبێ یەك دەنگ بن کە ئەویش (ŋ) یە.

هەر بەو جۆرە بڕگە کردنیشی بەم جۆرەی لای خوارەوە هەر ناپەسەندە، چونکە لەتە دەنگمان نییە تا بپەڕێتەوە:

لە فەرهەنگی ⟵ لە- فەر- هەنگ- گی*

کە (نگ) یەك دەنگ بێ، ئەبێ هەموی بپەڕێتەوە، هەر بۆیە بڕگە کردنی بەم شێوەیە دەبێ:

لە فەرهەنگی ⟵ .le fer he ŋî

٨- سەبارەت بەو بۆچونەش کە گوایە دەنگی (ن) کە دەکەوێتە پێش دەنگی (گ) یەوە، دەنگی (ن) زاڵ دەبێ و دەنگێکی (ن) ی پەنگ خواردوی قەبە دەردەچێ.[١١]

لەم بارەیەوە، نمونەکانی زمانی کوردی شتێکی ترمان پێ دەڵێن:

دایەنگا ⟵ دا- یەن- گا

لەو نمونەیەداو چەندانی تریشدا (ن) پێش (گ) هاتووەو دەنگێکی قەبەش نییە، هەربۆیە ناتوانین (نگ) بە ئەلەفۆنی (ن) دابنێین.

**ئەنجامەکانی ئەم باسە:**

١- وەك لە نمونەکانەوە دەردەکەوێت، دەنگی (نگ- ŋ) لە شێوەزاری سلێمانیدا فۆنیمەو دەبێ وێنەی لە نوسیندا بۆ دابنرێ.

٢- دیاریکردنی فۆنیمەکان هەنگاوێکی دروست و پێویستە بۆ زمانی ستاندرەو کارکردن بەو زمانە.

٣- دیسانەوە دیاریکردنی فۆنیمەکان، کارێکی پێویستە بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەکانی رێنوس، چونکە ئەم کێشەیە پەیوەندی بەجۆری ئەلفباکەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە بون و نەبونی فۆنیمەکانەوە هەیە.

---

[11] غازی، فۆنەتیك، ٦١- ٦٢.

سەرچاوەكان:


١- ئەوڕەحمانی حاجی مارف، نوسینی كوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، چاپخانەی علاء، بغداد، ١٩٨٦.

٢- توفیق وەهبی، خوێندەواری باو، بەغدا، ١٩٣٣.

٣- جەمال نەبەز، زمانی یەكگرتووی كوردی، بامبێرگ، ١٩٧٦.

٤- حامید فەرەج، رێنوسی كوردی لە سەدەیەكدا، چاپخانەی كۆڕ، بەغدا، ١٩٧٦.

٥- غازی فاتح وەیس، فۆنەتیك، چاپخانەی ادیب، بغداد، ١٩٨٤.

٦- كۆڕی زانیاری عێراق، دەستەی كورد، هەندێ لە بابەتە كێشەدارەكان لە ڕێزمانی كوردیدا، چاپخانەی كۆڕ، بەغدا، ١٩٨٥.

٧- كۆڕی زانیاری عێراق، دەستەی كورد، گۆڤاری كۆڕ، بەرگی نۆیەم، چاپخانەی كۆڕ، بەغدا، ١٩٨٢.

٨- نوری علی امین، رابەرێ بۆ ئیملای كوردی، بەغدا، ١٩٦٦.

٩- نەسرین محمد فەخری، رێنوسی كوردی، چاپخانەی زانكۆی سەلاحەدین، اربیل، ١٩٧٧-١٩٧٨.

بە عەرەبی:

- بسام بركة، علم الأصوات العام، لبنان، ١٩٩١.


## ملخص البحث


يتناول هذا البحث جانباً من جوانب قواعد اللغة الكوردية و الخاص بأحد الأصوات هي في الحقيقة موضوع بحث و دراسة، حيث تختلف حول حقيقتها الآراء.

و يأتي هذا البحث كمحاولة لايجاد حلٍ لما اختلفت عليه الآراء من الناحية القواعدية و الأملائية.


## *Abstract*


*This thesis deals with an aspect of Kurdish Language Grammar, concerning a signal sound which is actually a controversial subject for study and research about its reality.*

*This thesis is an attempt towards presenting a solution in terms of grammar and diction concerning this controversial subject.*